کورتە وەڵام/5

1-کوردستانی نوێ2016/8/10هەڵمەتێکی جیهانی بۆلەناوبردنی فیکری داعش.

١-ئەستەخفیروڵا! ئەوە هەمان فیکری پەیامبەرە کە ئومەری کوڕی خەتاب لەماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا (13-23کۆچی 634-643زایینی) بەزەبری شمشێر رژانیە کوردستان!

٢-بەڵگە: بەراوردێکی شنگالی 2014و شارەزوری ئەو سەردەمە، کەلەگێڕانەوەی دەماودەم و ئەم هۆنراوەیەی پیر شالیاردا رەنگئەداتەوە:

هورمزگان رمان ئاتران کژان

ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

زۆرکار ئارەب کردنە خاپور

گنای پاڵەیی هەتا شارەزور

شن و کنیکان وە دیل بشینا

میرد ئازا تلی وەروی هوینا

رەوشت زەردشترە مانۆە بێکەس

بزیکا نەکا هورمز وە هیچ کەس

واتا:-

مزگەوتان رمان ئاگران کوژان

خۆیان شاردەوە گەورەی گەورەکان

زۆرداری ئەرەب کردنی خاپور

دێی کرێکاران هەتا شارەزور

ژنان و کچان بە دیل ئەگیران

**پیاوانی ئازا لە خوێنا ئەتلان**

**ڕەوشتی زەردەشت مایەوە بێ کەس**

**هورمز بەزەیی نەهات بە هیچ کەس**

**ئەمە لەسەر پارچە چەرمێک دۆزراوەتەوە لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی جێشانەو هەزار مێردی سلێمانی.**

**تەنیا جیاوازییەک ئەوەیە: مەلا کوردە موچەخۆرەکانی ئەرەب، ساڵانێکی زۆر، کوردە گەوجێنراوەکانیان هانئەدا بەرد بگرنە گۆڕستانی باپیرانیان (کافران) و گوڵ بۆ گۆڕستانی داگیرکەران (ئەسحابیان). ئەمە لە شنگاڵ روینەدا**

***

**2-هەمان رۆژی کوردستانی نوێ:لاریجانی بۆ بەرهەم- چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا...**

**١-شەیتان ناوبژیکەربێ!؟**

**٢-هەرکات کێشەکانی بومەلەرزەو گەرمای هاوین چارەسەرکران، ئەوانەی نێوان هەرێم و بەغداش چارەسەرئەکرێن.**

**٣-ئەبوایە تەوەری دانیشتنەکەیان، دوربێ!، لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی لەسێدارەدانبوایە. یاکێشەکانی نێوان هەرێم و ئێران، وەک تۆپبارانەکان! کە یەک رۆژ دوای ئەو گەشتە دەستپێیکردەوە!.**

**٤-تۆبڵێی ئەو سەردان و پێشوازییە هەر بۆ ئارداویکردنی شان نەبوبێ!؟**

---------------------------